# ئامۆژگاری لە دڵەوە .. بۆ ئەوانەی کە شەڕ دەنێنەوە

## دەلای لاما

وەرگێڕانی: مەهاباد قەرەداغی



لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا کەسانێک هەن کە تاوانی خراپ ئەنجام دەدەن و کێشەی زۆر بۆ ئەوانی تر دەنێنەوە. بۆیە دەبێ کۆمەڵگەیەک ئامرازی کاریگەری هەبێت بۆ خۆپاراستن لەو جۆرە مرۆڤانە. لەو دۆخانەدا هیچ تواناکارییەک نییە کە کۆمەڵگە بەکاری بهێنێ لە لایەن هێزە چەکدارەکانییەوە.

بە بڕوای من، هەرگیز لەشکری وڵاتێک بۆی نییە بۆ بڵاوکردنەوەی سیستەمی باوەڕێک، یان بۆ داگیرکردنی وڵاتێکی تر، بەکاربهێنرێت. تەنها لە دۆخی هەرەپێویستدا دەبێ بەکار ببرێت، ئەویش بۆ ڕێگەگرتن لەوانەی کە بە چالاکییەوە تواناکانی ژیانی مرۆڤ وێران دەکەن و بشێوی دێننە ئاراوە. تاقە شەڕێک کە پەسەند کراو بێت ئەوەیانە کە ئازارەکان کەم دەکاتەوە و بەختەوەری بۆ زۆربەی ئەو مرۆڤانە دەهێنێت کە تێوەی گلاون. ئەو شەڕەی کە بۆ بوژانەوەی گرووپێکە و لە دژی بەرژەوەندی هەموو خەڵکی ترە، پەسەندکراو نییە.

مرۆڤ تەنها لە کاتی هەرە پێویستدا بۆی هەیە شەڕ دەست پێبکات. مێژوو فێری کردووین کە توندوتیژی، توندوتیژی دەخوڵقێنێ، بەڵام بە دەگمەن دەبێتە هۆی چارەسەری. هەروەها شەڕ ئازاری لەبننەهاتوو دەخوڵقێنێت. سەرەڕای ئەوە، دەرکەوتووە، تەنانەت ئەگەر واش بکەوێتە ڕوو کە عاقڵانەیە و هۆکاری لۆژیکی هەبووە بۆ چوونە نێو شەڕەوە بۆ ئەوەی کێشەیەک بوەستێنێ، ئینجاش مرۆڤ هەرگیز دڵنیا نییە لەوەی کە ئاگرەکە دەکوژێنێتەوە یان تەشەنەی پێدەستێنێ.

ئەمڕۆ شەڕ ساردتر و نامرۆڤاتر بووەتەوە. چەکە مۆدێرنەکان وا دەکەن کە تەنیا کەسێ هەزاران کەسی دیکە بکوژێ بێ ئەوەی خۆی بکەوێتە مەترسییەوە و بێ ئەوەی هەست بەو ئازارانە بکات کە خۆی دەبێتە هۆکاری. ئەوانەی کە فەرمانی کوشتنەکان دەدەن، خۆیان لە هەزاران کیلۆمەتری دوور لە هێزە داپڵۆسێنەرەکەوەن. ئەوە ژن و منداڵە بەدبەختەکانن،تەنها هیوای ئەوە دەخوازن کە ڕزگاریان بێت، کە لە پلەی یەکەمدا بەردەکەون و دەکوژرێن. وای لێهاتووە کە مرۆڤ بە داخەوەیە بۆ ئەوەی کە شەڕ وەکو جارانی کۆن نییە، کە فەرماندەکان بە سوارچاکی و شمشێرەوە لە پێشەوەی سەربازەکانەوە دەڕۆیشتن. ئەگەر ئەو دەستگیرکرابا، ئیدی مانای ئەوە بوو دوژمنایەتی کۆتایی پێهاتووە. ئەمڕۆ پێویستمان بەوەیە ڕەهەندێکی مرۆڤانە بۆ شەڕ بگەڕێنینەوە.

تاوەکو مرۆڤ چەک زیاتر بەدەست بهێنێت، مەیلی زیاتری لا دروست دەبێت بۆ بەکارهێنانیان. بە باوەڕی من چیدی پێویست بە سوپای نەتەوەیی ناکات، جیهان پێویستە لە سوپا داماڵدرێت. تاقە دەسەڵاتێکی شەڕ، کە

پێویستە هەبێت، سوپایەکی فرەڕەگەزە کە هەرچی کاتێ ئاشتی هەرێمێ کەوتە مەترسییەوە، بگاتە فریای.

هەموو باسی ئاشتی دەکەن، بەڵام دۆخێکی ئاشتی لە دەرەوە نایەتە دی ئەگەر مرۆڤ هەست بە ڕق و تووڕەیی بکات لە ناو خۆیدا. هەروەها ناشکرێت بە خۆچەکدارکردن، خواستی گەیشتن بە ئاشتی یەکبخرێت. بۆمبای ئەتۆم بەوە ناسراوە کە ئامرازێکی تۆقێنەرە، بەڵام من باوەڕم وا نییە کە ئەم ئامرازی تۆقاندنە لە ئێستا بەدواوە ئەو کاریگەرییەی هەبێت.
هەندێ وڵات پارەیەکی یەکجار زۆر خەرج دەکەن بۆ ئەوەی خۆیان سیستەمێکی چەک گەشەپێبدەن، یان شتێکی وا لە وڵاتانی تر دەکڕن. ئەمە مانای ئەوەیە پارەیەکی زۆر، وزەیەکی زۆر و توانایەکی زۆر بەفیڕۆ دەدرێت. هاوکات مرۆڤ تا دێ زیاتر هۆشیار دەبێت بە مەترسییەکانی ئەم خۆچەکدارکردنە، کە ترسیان زیاتر دەکاتەوە.

هەموو پێویستە هاوکاری بکەن بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ. ڕوونە و ئاسانە تێبگەین لەو سەرکردە چالاکانەی نێو کێشە جۆراوجۆرەکان، بەڵام زۆر لە زانایان و داهێنەرانی شارەوە لەئارادان. پێویستە مرۆڤ ئەوانەش ببینێت کە یارمەتی ئەو گروپانەیان داوە. هیچ شەڕهەڵگیرسێنەرێ، یان فەرماندەی سوپایەک بە تەنیا خۆی جموجوڵ ناکات، ئێمەشین هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە. بۆیە هەر ئەندامێکی کۆمەڵگەیەکی بەشەڕهاتوو بەرپرسیارێتی هەیە لەو شەڕەدا. ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئاشتی لە جیهاندا بخوڵقێنین، پێویستە سەرەتا ئاشتی لەناواخنی خۆمان بئافرێنین.

هەرگیز لە جیهاندا ئاشتی نایەتە کایەوە، ئەگەر لە نێو ناخی خۆماندا نەمانبێت. هەلومەرجێکی واش بۆ ئەو ئاشتییە ناوەکییە ئەوەیە، کە ئێمە هەموو مرۆڤ ئیدی سەر بە هەرچی ئاینێک، ئایدۆلۆژییەک،سیستەمی سیاسییەک و سیستەمی ئابوورییەک بێت، وەک ئەندامی یەک خێزان ببینین. ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوان ئێمەدا هەیە، تەنها شتی وردەن لە چاو ئەو هەموو شتە هاوبەشەی کە لەنێوانماندا هەیە. ئێمە هەموومان مرۆڤین و لەسەر ئەم هەسارە بچووکەدا دەژین. ئێمە پەیوەستین بە یەکترەوە بۆ ئەوەی بژین. ئێمە هەموومان پەیوەستین بەو هاوکارییەی کە لەسەر ئاستی تاک و گروپ و وڵاتان پێکەوە هەمانە.
............

تێبینی: لە کتێبی "ئامۆژگاری لە دڵەوە- ڕێنومایی بۆ مرۆڤی مۆدێرن"ی دەلای لاما وەرگیراوە کە لە لایەن هانس هوێگهێت بە سویدی کراوە و ئەم وەرگێڕانە لە سویدیەوەیە بۆ کوردی.